# گەردەلوولەکەی جەلیل زەنگەنە و دیتنێکی گچکە

ئەمجەد شاکەلی

ئەوانەی تەماشای فیلم و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی و شانۆیی و ئەو جۆرە کارە هونەرییانە دەکەن، ئەگەر هەر هیچ شارەزاییشیان لە بارەیانەوە نەبێت و هیچیشیان لێ نەزانن، دەبینن سەدان فیلم و سەدان زنجیرەی تەلەڤزیۆنی، کاتێک بە زمانێکی دیاریکراو ئامادە دەکرێن و پەخش دەکرێنەوە، تەنێ بەو زمانەی، کە مەبەستە و کارەکەی پێ ئامادە کراوە، پەخش دەکرێنەوە و تەواوی ئەکتەرەکانیش هەر بەو زمانە قسان دەکەن. ئەگەر کارەکە بۆ نموونە بە زمانی فرانسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، رووسی، ئیسپانیۆلی، عەرەبی، تورکی، فارسی، سوێدی، سۆمالی یا هەر زمانێکی دیکەی ئەم جیهانە بێت، ئەوا زمانی ئەکتەرەکان هەر بەو زمانانە دەبێت. ئەگەر فیلمێک یا زنجیرەیەکی تەلەڤزیۆنی یا شانۆییەک بۆ نموونە لەمەڕ هیتلەر، ستالین، گیڤارا، ماو، چاوچێسکۆ، ئەتاتورک، ماندێلا، لێنین، ئیبنولعەرەبی، حافزی شیرازی و...بکرێت، ئەوا زمانی ئەو فیلمە یا زنجیرە تەلەڤزیۆنییە یا شانۆییە چییە، ئەوانەی رۆڵی ئەو کەسانە دەلیزن لەو کارەدا، هەر بەو زمانە دەپەیڤن. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو کارە بە زمانی فرانسی بێت، ئەوا ئەوەی رۆڵی هیتلەر، ستالین، گیڤارا، ماو، چاوچێسکۆ، ئەتاتورک، ماندێلا، لێنین، ئیبنولعەرەبی یا حافزی شیرازی دەلیزێت، نایەت بە ئەڵمانی، رووسی، ئیسپانیۆلی، چینی، رۆمانی، تورکی، ئینگلیزی، عەرەبی یا فارسی بپەیڤێت، بەڵکە ئەو هیتلەر، ستالین، گیڤارا، ماو، چاوچێسکۆ، ئەتاتورک، ماندێلا، لێنین، ئیبنولعەرەبی و حافزی شیرازییەی نێو ئەو کارانە، هەر بە فرانسی دەپەیڤن. ئەگەر هاتو ئەکتەرەکان بە زمانێکی دیکەی بێجگە لە زمانی فیلمەکە یا ئەو کارە هونەرییە پەیڤین، بۆ نموونە ئەگەر کارەکە بە فرانسی بوو و ئەوەی رۆڵی هیتلەر دەلیزێ بە ئەڵمانی پەیڤی، ئەوا ئەو پەیڤەی ئەو دەبێ بگۆڕدرێتە سەر زمانی فرانسی و بە نووسین، ئەگەر لە سینەما یا لە تەلەڤزیۆندا، پێشانی بینەر بدرێت، وەک زۆرینەی ئەو فیلمانەی لە سینەما و تەلەڤزیۆنەکانی جیهاندا دەیانبینین. لە فیلم و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی و کارە دۆکیۆمینتێرەکاندا، کە خەڵکانی نێو کارەکە بۆ خۆیان و وێنە و دەنگ و ڕەنگی ڕاستینەی خۆیانە، بە زمانی خۆیان دەپەیڤن، لێ لە کاتی پێشاندانیاندا وەردەگێڕدرێنە سەر ئەو زمانەی، کە تەلەڤزیۆنەکە پێ دەپەیڤێ یا زمانی خەڵکی وڵاتەکەیە یا هی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نێو وڵاتێکدا دەژین، کە ڕەنگە وڵاتی خۆیشیان نەبێت. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم لەمەڕ زنجیرەیەکی تەلەڤزیۆنییەوەیە، کە لە 2005/10/4ەوە لە کەناڵی کوردساتەوە پەخش دەکرێتەوە. ئەو کارە هونەرییە نێوی"گەردەلوول"ە و سیناریۆ و دەرهێنانی "جەلیل زەنگەنە"یە. کارێکە باس لە هەوڵی کوشتنی ئوستانداری‌کی بازێڕی سلێمانی دەکات، کە لە لایەن چەند لاوێکی شۆڕشگێڕەوە، لە سەردەمی ڕێژیمی بەعسدا ئەنجام درا. ئەوانەی لەو کارەدا ڕۆڵی دەسەڵاتدارانی بەعس و عیراق دەلیزن، ئیدی لە پۆلیس و ئاسایش و موخابەرات و نوێنەری بەغدا و بەعسی و بەرپرس و ئەوانەوە تا دەگاتە

پلەکانی دیکەی دەسەڵات، هەموو بە زمانی عەرەبی دەپەیڤن. زمانی ئەو کارە بۆ خۆی کوردییە و ئەکتەرەکانیش هەموو کوردن و لە تەلەڤزیۆنێکی کوردستانیی کوردزمانیشەوە پەخش دەکرێت، کەچی ئەو ئەکتەرانە بە عەرەبی دەپەیڤن. ئەوجا چ عەرەبییەکیش، خۆزگەم بەوەی گوێی لێ نەبووە. عەرەبییەک قسان دەکەن هەموو سەقەت و ناتەواو و ناخۆش و شکاو و لە هەرچی بچێت لە عەرەبی ناچێت. ئەو عەرەبییە شەق و شرەیش، نە بە نووسین و نە بە زارەکی ناکرێتە کوردی! ئەو کارە هونەرییەش بۆ بینەر و بیسەری کورد کراوە و پێشانی ئەوان دەدرێت. من بۆ خۆم گومانم هەیە، کە عەرەبێک هەبێت بنواڕێتە ئەو کەناڵە کوردییانە! کە وەها کارێک بۆ بینەر و بیسەری کورد ئامادە دەکرێت، دەبوو پێش هەر شتێک بیر لەوە کراباوە، کە میلیۆنان کورد هەن چاو لەو کەناڵە کوردییە دەکەن و چاو لەو زنجیرە تەلەڤزیۆنییە دەکەن، بەڵام ئەوەی پێی دەگوترێ عەرەبی ئەوان نایزانن و کورد گوتەنی:"هەڕی لە بڕەوە ناکەن". ئەگەر مەبەست پێشاندانی بڕگەیەکی مێژووی کوردە و مەبەست زیندووڕاگرتنی یادی ئەو لاوە شۆڕشگێڕانانەیە و لەبیرنەچوونەوەی ئەو سەردەمەیە و پێشاندانیەتیی بە نەوەی ئەمڕۆی کوردستان، ئەوا دەکرا بەعسی و تەواوی ئەوانەی ڕۆڵی خەڵکانی سەر بە دەسەڵات، لەو زنجیرەیەدا دەلیزن، بە کوردی قسان بکەن، یا کە بە کوردی قسان ناکەن قسە عەرەبییەکانیان وەرگێڕدرابانە سەر زمانی کوردی و بە نووسین لە بنەوەی وێنە و دیمەنەکان خەڵکی کوردی عەرەبینەزان بیانتوانیایە بیخوێننەوە! ڕەنگە ئامادەکارانی ئەو کارە و لەو جۆرە کارانە و سەرپەرشتکارانی ئەو کەناڵە کوردییانە، پێیانوابێت هەموو کورد عەرەبی دەزانن یا ڕەنگە ئەو کارەیان تەنێ بۆ کوردانی باشووری کوردستان ئامادە کردبێت و کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیان لەکن گرنگ نەبێت. ئەگەر تەنێ کوردی باشووری کوردستانیش چاو لەو بەرهەمە هونەرییە بکەن، ئەوا مامۆستا جەلیل زەنگەنە و هاوکاران و کەناڵی کوردساتیش دەبوو بزانن، کە تەنانەت هەموو کوردانی باشووری کوردستانیش عەرەبیزان نین. وا گریمان عەرەبیزانیش بوون، ئەوا هیچ پێویست ناکات ئەو ئەکتەرانە ڕۆڵی عەرەب دەلیزن بە عەرەبی بپەیڤن. مەرج نییە ئەگەر سبەی فیلمێک یا زنجیرەیەکی تەلەڤزیۆنی کوردی لەمەڕ تاوانەکانی سەددام حوسەین و عەلی کیمیاییەوە کرا، ئەکتەرگەلێکی ڕۆڵی ئەوان دەبینن دەتوانن بە کوردی نەک عەرەبی، هەرچەندی ئەو هەردوو سەددام و کیمیایی عەرەبیشن، بئاخڤن و کەسیەتیی ئەو دووانەیش وەک خۆیان پێشان بدەن. ئەگەر هەندێک بڕگەی نێو ئەو کارە دۆکیۆمێنت بوون، ئەوا دەکرێ ئەوانە وەک خۆیان پێشان بدرێن و قسە عەرەبییەکانی ئەوان هەر وەک خۆیان پەخش بکرێنەوە، بە مەرجێک بۆ بیسەر و بینەری کورد بکرێنە کوردی.

2005/10/9